سێبەرێکی تر

# فۆڕم و پۆلینکاری

کامەران سوبحان
kameransubhan@yahoo.com



پۆلینکاری یەکێکە لە خەسڵەتە دیارەکانی نێو کایەی هونەری و ڕۆشنبیریمان، ئەو گفتوگۆو وتووێژە بەرفراوانانەی بەردەوام لەسەر پۆلێنکردنی نەوەو فۆڕمی نووسینی تێکست لە ئەدەبیاتی ئێمەدا هەیە بە شێوازو جۆری جیاوازیش ئەم وتووێژانە گوێزراونەتەوە بۆ ناو کایە هونەرییەکانیش، بەجۆرێك پۆلینکاریی نەوەو شێوازو فۆڕمی کارکردن دیارترین سیمای ئەمڕۆی کاری هونەرییە، ئەو باس و وتووێژانەی لە بیست ساڵی ڕابردووی بزووتنەوەی هونەرو شانۆی ئێمەدا هەیە جگە لە گفتوگۆیەکی فاشل هیچی تر نییە، چونکە ئەو گفتوگۆیانە زیاتر خۆخەریککردنە بە ناونان لە فلاّن فۆڕمی کارکردن و پۆلینکاریکردن بۆ ئەوەی ئەم هونەرمەندە لە چ نەوەیەکی هونەرییە.. بە بڕوای من ئەم خۆخەریککردنە تا ئێستا خاڵێکی نەخستووەتە سەر داهێنانی هونەری، هێندەی ئەوەی خۆخەریککردنە بە شتێکەوە کە ڕەنگە کۆتاییەکەی ئەم واقیعەی ئێستا بێت. زۆرێك لە ئەزموونە هونەرییەکانی دونیا لەم خاڵەوە پەرەیان بە کاری هونەری داوە، چیخۆف بە گۆرانیی چایکاو باخی گێلاس توانیی خۆی لە ئەدەبیاتی شانۆی ڕوسی جیابکاتەوەو ڕێچکەیەکی نووسین بۆ خۆی دروستبکات، بەهەمان شێواز لە شانۆی مۆدێرندا کاتێك باسی بیکێت یان هارۆڵد پنتەر دەکرێت هەریەکەیان خاوەن تایبەتمەندیی خۆیانن و توانیویانە سەرەتای کارکردنیان دیاربکەن، دەرهێنەر یان خوێنەر یان بینەرێکی ئاسایی دەتوانێت ئەو ڕێچکەو جیاوازیانە ببینێت.. گەر ئەمانە تەنها وەك ڕێچکەی نووسین و بەرهەمهێنانی تێکست ببینین، بەڵام لەڕووی دووەمەوە کە فۆڕمە پراکتیکییەکەیە ئەم خاڵە زیاتر پێویستی بە زەمینەسازی هەیە بۆ دووبارە نەبوونەوە، بەتایبەتیش کە باس لە پرۆسەی بینین دەکرێت، ئەوەی لە ناوەندە هونەرییەکەی ئێمەدا هەیە هەوڵێکی دووبارەیەو کە یەك شێوازو فۆڕم بووتە سیمای کاری هونەریمان، بەجۆرێك دەڵێی یەك نووسەر تێکستەکانی نووسیوەو یەك دەرهێنەر دەریهێناون! گەر هەوڵێکیش هەبووبێت لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا بۆ تێکشکانی ئەو هەوڵە باوانە، ئەوا وایلێهاتووە جارێکی تر ئەویش لەم واقیعە پەرتەوازەیەدا ببێتە تولەڕێیەك و ڕێچکەیەکی باوتری دروستکردووە، ئەم هۆکارە بەبڕوای من یەکێکە لە هۆکارە جدییەکانی گرفتی بینینی هونەریمان، کە بەردەوام کێشەی نەبوونی بینەری دروستکردووە، نەك ئەو بینەرە سادەیەی کە تەنها وەك چێژێك دێت بۆ بینینی نمایشێك، بەڵکو بینەرێکی هۆشیاریش کە نەوەی ڕۆشنبیرو نووسەری ئەم کۆمەڵگەیەن، کە ناوەندی هونەریی ئێمە زیاتر پێویستی بە چینی دووەمیانە، چونکە ئەوان هەوێنی گۆڕان و کاریگەرین لە کۆمەڵگەدا، ئەوەی دەبینرێت لە هۆڵی نمایشەکانمان، بەردەوام لەو چینە خاڵییەو بەشی زۆری چیرۆکنووسان و شاعیرانمان نایەن بۆ بینینی نمایشەکان و هەندێکیان چێژ لە شانۆ نابینن!. لەکاتێکدا کایەی ئیشکردنی ئەوان زۆر لە کایەی شانۆو تێکستی نمایشەکانیشەوە نزیکە، بەشێکی زۆری ڕەخنەگرانی بواری شانۆ لە دونیادا نووسەرانی نا شانۆکارن بەتایبەتی

چیرۆکنووسان، بەڵام تائێستا لێرە گرفتەکە لەوەدایە بەدحاڵیبوونێکی سەیر لەنێوان شانۆکارو چیرۆکنووسدا هەیەو هەردوولایان کەمتر توانیویانە ڕایەڵەکانی نێوانیان بدۆزنەوەو قسەیەکی جدی بکەن لەسەر بەرهەمەکانیان.

*دوو هەفتەجارێك (کامەران سوبحان) لە ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ دەینوسێت.